

## گرنگی رەش کردنی چــــــ

رەشــــکردنی چاوەکان، گرنگترین بەشەکانی جوانییە کە گرنگی بە رەش کردنی پشـــت چاو و برژانگەکان دەدات، کە هەر یەکە شـــێوەیەکی جوانـــی هەیە، لێرەدا دەبـــێ دانانی رەنگەکە بە شـــێوەیەکی یەکســـان و گونجاو بـــێ، تەنانەت بەکارهێنانـــی رەش کردنی چـــاوەکان، ئەمەش بەهـــۆی بۆیەی رەش کـــردن و کلەوە، کاتێك لە هەنگاوی یەکەمی رەش کردنی چاوەکاندا دەبێ، دەکرێ ســـەرەتا چاوەکان بە پاکـــی رابگری و بیشۆی، دواتر هەوڵبدە ســـەری کلەکە هەندێك بســـووتێنی یان ئەو رەش کەرەکەی کە بۆ چاوت بەکاردەهێنی، چونکە ئەگەر ســـەری قەڵەمەکە بســـووتێنێ ئەو پەڵەی لەســـەریەتی لادەچێ و دەرمانە رەشـــەکە بە جوانـــی دەردەکەوێ، دواتر

## رازاوەیی شوێنەکانی دانیشتن لە ماڵەکاندا

کەرەســـتەکانی مـــاڵ، شـــێوەی بەرچاو و دیمەنی تایبەت و کراوە دەبەخشـــن، بە جۆرێك کە جوانی خۆی گونجاو دەبێ کاتێك لە شوێن و جێگـــەی خۆیەوە ئامادە دەکرێ، لەم رێگەیە دەکرێ سوود لە جوانی کەرەستەکان وەربگرین و ئەمەش بە گوێرەی کەرەستەکانەوە دەبێ، بوونی قەنەفـــەکان وەك هەنگاوێکـــی رازاوە دەبێ لە جوانی دیکۆری ماڵ، ئەمەش لە کاتێکدا مۆدە و دیمەنەکانیان بە گوێرەی سەردەمدا دەگۆڕێ، بەڵام ناکرێ مۆدە کلاســـیکەکان لە بیر بکەین، کە ئەوانیش دیمەنێکی رازاوە و کراوە دەبەخشن، شێوەی پێشـــوو و کلاســـیك، لە یەك پارچەوە پێکدەهات و ئێستاش سوودی لێوە دەبینرێ کە لە هەندێك ماڵەکاندا دادەنرێ، شێوەی ئەو جۆرە قەنەفەیە، لە کورســـییەکی گـــەورە پێکهاتووە و لە شـــوێنێك بە تەنیـــا دادەنرێ و ئەمەش بۆ دانیشتنی بچووکە و کە دووان یان زیاتر لە دوو کەسێك دادەنیشن و کاتێکی خۆش بەسەر دەبەن، لـــەم رێگەیەوە دەتوانین بـــە پارچەیەك قەنەفە دیمەنێکـــی کراوە و رازاوە بە جوانی و دیکۆری ماڵ بدەین، کە جێگـــەی رازاوەیی و کراوەیی دەبێ، ئەمەش هەنگاوێکی سادەیە و سوودێکی گەورەشی هەیە کاتێك دیکۆری ماڵ جوانتر و رازاوەتر دەبن.







## رەنگی رەش بۆ


کراســـەکان بەپـــێ جوانـــی و مـــۆدە تازەکانیانەوە شـــیاوی جوانییەکی کراوە و رازاوە دەبن، ئەمەش لـــە رێگەی جوانی لە شـــێوەی کراســـەکانەوە دەبـــێ، لێرەدا هەنگاوەکانـــی هەڵبژاردنـــی کراســـەکان جوانترین رێگە دەبێ بۆ دەستنیشانکردنی کراسی رۆژی نیشـــان، کە رۆژ لەدوای رۆژ مۆدەی تازە دەردەکەوێ و دیمەنی تازەش دەبێ، بەمەش دەبێ خانمان شێوەیەکی رازاوە بێ، بۆیە دەکرێ ئەو کراسە بەگوێرەی جەستە و شێوەت بێ، چونکە نەگونجانی دەبێتـــە شـــێواندنی دیمەنـــی جوانیت، یەکێك لە باوترین مۆدە تازەکانی کراســـی نیشان بۆ



## سەندڵ لەگەڵ ستایلەکان دەگونجێ




پێڵاو و ســـەندەڵ، هێمایەکی جوانی و سوود بەخش بە قاچی خانمانەوە دەدەن، ئەمەش بەهۆی ئەو شێوە تازە و ناسکانەی کە لێوەی کاری بۆ دەکـــرێ و دیمەنی تازەیان بۆ ئەنجام دراوە، کە بە جۆرێك دیمەنێکی ناســـکی هەیە، ئەمەش مۆدەی ئەو ســـەندڵانەیە کە زۆربەی خانمانی کوردســـتان دەیپۆشـــن و هەر یەکە بە جوانی خۆیەوە دەردەکەوێ، ئەم جۆرە سەندەڵە دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی هەیە بەهۆی ئەو پاژنە نزمەی هەیەتی، هەروەها بوونی ئەو دیمەنە سادەیەی کە لە نزیکەوە دیاری دەخات و لەگەڵ ئەوەشدا بەشـــی ســـەرەوەی کراوەیە، کە دەکرێ لەگەڵ گشـــت جۆرە جلێکەوە بپۆشرێ، لەوانە : کراس – کاوبـــۆی (جینز) – تراکســـۆت – کۆلۆن و کیلۆت، کە دەکەوێتە ســـەر ســـەندڵەکانەوە و دیمەنێکـــی رازاوەش دەبەخشـــن، لەم رێگەیەدا دەکرێ سوود لە مۆدەکانی سەندڵ وەربگرین کە جوانییان دیاریکراو دەبێ و هەنگاوێکی کراوەی دەبێ و دەتوانین ســـەلماندیان بۆی هەبێ و بە جوانییەکی درەوشاوەوە بێ.



## ــاوەکان بە پێی هەنگاوەکان

قەڵەمی ڕەش کردن بهێنە و سـەرەتا لە بەشـی دەرەوەی چـاوت بەکاربهێنە و ئیتر بەرەو ژوورەوە ئەمەش تەنیا بـۆ جارێك، دواتر هەوڵبدە دووبارە بگەڕێیتەوەو پاشـان هەمان کردار ئەنجام بدەوە، کە لە پێشـوودا ئەنجامـت دا، بەڵام ئاگاداری لایەنەکانی چاوەکانت بە، چونکە دانانی ڕەنگەکە چاوت بە شـێوەیەکی دیکە دەردەخات، هەروەها بۆ بەشـی ژوورەوەی چاوەکان هەوڵبدە بەشێکی قەڵەمەکـە بکەوێتـە ناو چـاوەکان و ئەمەش زیاتر لەسـەر لێواری برژانگەکان دەوەسـتێ و دیمەنێکی جوانی دەبێ، دوای بەکارهێنانی ڕەش کردنەکە، قەڵەمەکە لە شوێنی خۆی هەڵبگرە و هەوڵبدە سەری قەڵەمەکە داپۆشراو بێ و نەوەك تێکبچێ.

## باوترین مۆدەی ئێکسسواری ملوانکە لە کوردستان



**-ئێکسسواراتی (جوجو) -هەولێر**


ئێکسسوارە جوانەکان دیمەنێکی ڕازاوە و جوان لەخۆ دەگرن، گرنگترین بەشەکانی ئێکسسـوار بریتییە لە ئێکسسواری ملوانکە لە شێوەی باریك و سادە، کە زنجیرەکەی دیمەنێکی ڕازاوە و جوانی هەیە، هەروەها شێوەیەکی ناسك و لە شێوەی نەخشەکە و زنجیرەکەیەتی، چونکە کاتێك لەسەر ملی خانمان یان لەسـەر پێستەوە دەبێ، بە شایستەترین مۆدەوە دەردەکەوێ، ئەمەش وەك لەلایەن جوانکاری (جوجو) لە سـۆفی مۆڵی هەولێـر پێڕاگەیاندین، کەوا ئێسـتا باوتریـن مۆدەکانی ملوانکـە بریتیین لـەم جۆرە ملوانکانـە و زیاتر کچانی کوردستان دەیپۆشـن و گرنگی پێ دەدەن، کە ئەویش ئەو جۆرە ملوانکەیە کە دیمەنی ناسکە و زیاتریش دەنکەکانی لە ڕەنگـی ڕەش و ڕەنگە کاڵەکانە، بۆیە مۆدەی لەم جۆرە دەبێتە یەکێك لە تازەترین مۆدەکان، کە کچان دەتوانن سـوودی لێوە وەربگرن و دیمەنێکی ڕازاوەش ببەخشێ لەسەر مل و پێستی کچی کورد، ئەمەش وەك تازەترین مۆدەکانی ملوانکەیە لە کوردسـتان و کە هەنگاوێکی جوانی دەبەخشێتە جەستە و ملی خانمان.

## کراسی نیشان

خانمان لە کوردستان، زیاتر لە ڕەنگی ڕەش و ئەڵماس و کریستاڵ جوانترت دەکەن، لەم مۆدەیە دەکرێ سوودێکی گەورە وەربگرین بۆ دانانی ستایلێکی جوان لە جەستەدا کە لە ڕۆژی نیشان دەیپۆشی، بۆیە جوانترین ڕەنگە بۆ کراسـی نیشان، کە کراسی ڕەش و مـۆدەی (٢٠١٢) دەبـێ و یەکێك دەبـێ لە جوانتریـن و ڕازاوەترین کراسەکانی نیشان و ئاهەنگی تایبەت، هەوڵبدەن ئەو جلە بپۆشـن، چونکە جوانیت بـە شـێوەیەکی بەرچاو دەردەخـات و دیمەنێکـی ڕازاوە و جوانیشـی هەیـە لەسەر جەستەدا.



## چۆنیەتی بۆیەکردن و گرنگی دان بە نینۆکی پەنجەکانت




بۆیەکردنـی نینـۆك لەجوانتریـن و گرنگترین ئێکسسواری ئەم سەردەمەیە بۆ ئافرەتانمان، نینۆکی پشتگوێخسـتراو کە درێژە یان وەك یەك نییە، شێوەیەکی ناشرین و نەگونجـاو دەداتە دەسـتەکانت، بەڵام دەبێ بزانی کە چۆن بۆیە هەڵدەبژێری بۆ نینۆکەکانت کە بگونجێ لەگەڵ تەمەنت. لەتەمەنی (١٥ تا ٣٠) ساڵی، نینۆکەکانت بە بریقە و جوان بێ و شایسـتەی ناسکی و ڕازاوەیـی بێ، تەنانەت بە شـێوەیەکی زیاتر گرنگی پێبـدە و هەوڵبدە ڕێژەیەکی درێژی هەبێ کە بۆیە بە ئاسانی لێبدرێ و جوانییەکـی ڕەها ببەخشـێ، ئەمەش ئامۆژگاری پسـپۆڕانی بواری جوانکاریە تاشێوەیەکی بریقەدار لەخۆ بگرێ، هەردەم بە پاکـی بیپارێـزە و دیمەنێکی ڕازاوەی دەبێ. (دیبـرا لیبمان) کە پسـپۆڕێکی بواری جوانکارییە و دەڵێ: ڕەنگە تۆخەکان وەکو (شینی تۆخ) کە لە ڕەنگە کلاسیکی تازەکان دادەنرێت، بۆئەوەی شێوەی نینۆکی تازەمان دەست کەوێ ئامۆژگاری لیبمان ئەوەیە کە نینۆکت بەجوانی بڕنی و ئەمەش بەهـۆی ئامێری بڕینی سـەری نینۆك، زیاتریش دەڵێ: دەبێ شێوەی نینۆکەت لە شێوەی باوی بێ و بەجوانی کاری بڕینی بۆ بکەی، واتە شێوەیەکی بازنەیی هەبێ و دیاریکـراو بێ. تاوەکو نینۆکت بپارێزی بەشـێوەیەکی باش ئاموژگاری پسپۆڕانی بواری جوانکاری ئافرەتان لەم تەمەنە دەبێ ڕەنگی کاڵ و ئاڵ بەکاربێنی، چونکە لەم قۆناغەدا نینۆك هەردەم تەڕ و بە بریقەی خۆی دەبێ و بەسـوود دەبێ بۆ پێسـت، بە تایبەت قەراغـی نینۆکەکانت، کە لەم تەمەنە پێستت وشك دەبێ ئەگەر گرنگی پێنەدەی!



# باگوردان بیرۆکەیەکی کوردەواری دێرینە

باگردێــن، یان باگــوردان وەك هەمیشــە و لە ئێستاشــدا بــۆ ڕێکخســتن و پانکردنەوەو و توندکردنی ڕێگا و لە کۆندا لە سەربانە قوڕینەکان بەکارهاتووە، ئەوەی جێگەی باسە باپیرانمان زۆر کارامانــە توانیویانە لە بەردی گەورەی شــاخ دروستی بکەن بە مەرجێك بەردەکە پتەو و بەهێز و قورس و قایم بێ، لە دوای قوڕکردنی سەربانەکان بە کاریان دەهێنا بۆ پەســتانەوەی تا ئاو نەدات، باگــوردان بیرۆکەیەکی کوردییە و لەدێر زەمانەوە و بەکارهێنــراوە و کاری پێکراوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە پێشتر کورد خانوو و شوێنی نیشتەجێی لە قوڕ دروســت کردووە، ڕێگەی دروســتکردنی باگوردانیش بەم شــێوەیە دروست دەکرێ: سەرەتا بــەرد دەهێنــرێ و کــە زیاتر بــەردی گەورە بەکاردەهێنرێ و بە جۆرێك شێوەی وەك ستوونێکی دێــژ بێ، واتە نزیکەی مەترێك بێ، ناوەوەی ئەو بەردە کون دەکەن بە ماندووبوونێکی زۆر، ئەمەش زیاتــر بە لێدان بە بەرد و ئاســن تاوەکو ناوەوەی بەردەکە لەمسەر و لەوســەر کون دەبێ، هەروەها کاری لەســەر دەکەن بۆ ئەوەی شێوەی بازنەیی بێ، ئەمەش لە ڕێگەی پاککردنی بەردەکە، دواتر تەڵێکی ئاسن وەك (شیش) یان تەڵێکی بەهێز بێ و دەخرێتــە ناو بەردەکە، بەم جــۆرە ئامادە دەبێ کە کێشــێکی گرانی هەیە و دەتوانێ ئەو شوێنە کــە بۆ کووتینەوە یان پانکردنەوە بەکاردەهێنرێ و لە دواوە رادەکێشــرێ، زیاتر بۆ سەربانەکان کاری پێدەکرێ.





## زریوار گەورەترین دەریاچەی ئـ

یەکێکی لــە جوانیەکانی سروشــتی دڵگــری کوردســتان تاڤگــە و دەریاچــەو روبارەکانیەتــی یەکێکیــش لــە سەرەنجڕاکێشــترین و دڵڕفێنتریــن دەریاچەکانی جیهان کە لە کوردســتان لە نزیك شاری مەریوان هەڵکەوتووە دەریاچەی زرێوارە ئەو دەریاچەیە گەورەترین دەریاچەی ئاوی شیرینی جیهانە کە سەرچاوەی ئاوی خواردنــەوەی شــارەکەو دەوروبەرەکەیەتی دەریاچەی زرێوار ١٢٨٥مەتر لە ئاســتی

## مۆزەخانەیەک لـــ



زۆربــەی خەڵك بێزیان لە قژ دەبێتەوە بە تایبەت لە کاتی خواردندا، وەك چارەسەرییەك بۆ ئەو لایەنە توانرا سەیرترین مۆزەخانەی قــژ بکرێتەوە، ئەمەش لــە وڵاتی تورکیا کراوەتەوە، مۆزەخانەکە بە ناوی (کابۆدیا) کراوەتەوە، کە نموونەی تەڵە قژی نزیکەی

## دارێک لە هێلکە




لە ســەیرترین نمایشــی تایبەتدا کە جێگەی سەرســوڕمانی و سەرنجڕاکێشی گشــت کەســێ دەبێ، لە وڵاتی (ویلز)ی ســەر بە شانشــینە یەکگرتووەکانی بەریتانیــا، توانرا ســەیرترین داری نمایش ئامــادە بکرێ، کە ئــەو دارە ســەرتاپای گەڵاکانــی لە هێلکەیە، کە هــەر هێلکەیەك نەخشێکی تایبەتی لەســەردا کراوە، ئەوەی سەیرە کە چۆن ئەو هێلکانە ناشکێن و لەسەر ئەو دارە وەســتاون، ئەوەش بیرۆکەی کچە خوێندکارێکی زانکۆی ئەو وڵاتەیە بە ناوی (جینــا) توانی لە مــاوەی (٣) کاتژمێردا دارێکی گەورە بە هێلکە بڕازێنێتەوە.



# داس ئامێرێکی بچووک و بەسوود

کەرەستە کوردەوارییەکان چەندین سوودیان هەبووە لە ژیانی رۆژانەی کرێکار و جووتیاری کورد لە سەردەمی کۆندا، تەنانەت توانیویانە لە بیرۆکەیەکی بچووك چەندین کەرەستەی بەسوود و بەپێز دروست بکەن، بەر لە دەرکەوتنی ئامێرە گەورەکان وەك: تراکتۆر و دەراسە، دەبوایە دەغڵ و دان بە دەست بدروێنرێتەوە، ئەمەش وای پێویست کرد کە ئامێرێکی دەستی دابهێنرێ کە پێی دەگوترێ (داس)، ئەم ئامێرە بچووك و بەسوودە لە ژیانی رۆژانەی کوردا، جێ پێیەکی گرنگی هەبووە بۆ راپەڕاندنی کارەکانیان، بە تایبەت کاتی دروێنەی دەغڵ و دان، داس لە دوو بەش پێکدێ، بەشێکی لە ئاسنە و دەبێ تیژ بێ، بەشی دووەمیشی لە دارە کە ئاسنەکە دەچێتە ناو دارەکە بۆ ئەوەی ببێتە دەسك بۆ گرتنی، شێوەی پێشەوەی داس بازنەییە واتە وەك نیوە مانگ وایە و ئەمەش بۆ گرتنی برێکی زۆر لە دەغڵ لەو کاتەی کە کاری دروێنە دەکەن، دەبێ داس تیژ بێ بۆ زیاتر ئاسانکردنی کارەکان، سەرەتا ئاسن دەهێنرا و خوار دەکرایەوە و دواتر لەگەڵ دارێکی تەڕ دەخرێتە ناو دارێکەوە کە تاوەکو توند بێ و جێگیر بێ، دواتر بەم شێوە دەکرێ ئامادە بێ بۆ کاری دروێنە.






# ...ـاوی شیرینی جیهان لە مەریوانە

دەریاوە بەرزە، ڕووبەری دەریاچەکە نزیکەی ٦کیلۆمەتر دەبێت و پانتایەکەشی ٢کیلۆمەتر دەبێت قووڵایی دەریاچەکە لە هەندێك شوێن دەگاتە ٣ مەتر.

دیمەنی دلگری ئەم دەریاچەیە بوونی چەندین ماسی جۆراوجۆر و گیانداری دیکەی ئاوییە کە لە دەریاچەکەدا دەژین، جگە لەوەش دورگە گەڕۆکەکان دیمەنێکی جوانی ئەم دەریاچەیەیە.

**ئا: حەلیمە محەمەد**



# ...ـە قژی ئافرەتان

(١٦٠٠٠) ئافرەتی ناوداری و بەناوبانگی جیهان دانراوە، کە ئەوانیش هونەرمەند و کەسایەتە جیهانییەکانی جیهان دەبن، ئەم موزەخانەیە لە دوای (٣٠) ساڵ کۆکردنەوەی تەڵە قژی ئافرەتانی جیهانەوە، ئینجا توانرا نمایشی کرانەوەی بۆ بکرێ.

# کچێک بە (٣) دەستەوە!



(رەن شین) کچێکی یانزەساڵەی چینیە کە ساڵانێکە دەستی سێیەمی لەگەڵدا دەژیێ و لە کەمەری پشتی ڕوواوە، خەڵکێکی زۆر خوازیاری بینینیی ئەو کچەن، (رەن شین) فریشتەی خاوەن باڵ، مانەوەی لەژێر نەشتەرگەریەکی زۆر گەورەی تێکەڵی هەڵجراں کە «ژیان یان مەرگ»ی کچەکە بوو، ئەم کچە بە چوار قۆناغ نەشتەرگەری بۆ ئەنجامدرا و سەرکەوتنی تەواوی بەدەست هێنا . ئەمەش دەبێتە یەکەم کاری نەشتەرگەری لەم جۆرە، کە بتوانرێ دەستێکی زیاد لە جەستەی مرۆڤێکەوە لێبکرێتەوە و کە چەندەها ساڵە لەگەڵ ئەو کچە بووە، تەنانەت بوو بە مایەی ناخۆشی و مەینەتی بۆ ئەو کچەیە.

**رەوەند بەختیار**

# درێژترین پشیلەی جیهان



گیاندارە سەیرەکان بەپێی شـێوە و دیمەنیان سـەیر و سـەمەرەن، تەنانەت دەبن بە ڕێگەیەك کە خەڵکی سەرسام دەکەن بە جۆرێك شایستەی کارێکـی ئەوتۆ بێ، گیانـدارە زەبەلاحەکان کە شێوەیان لە شـێوەی ئاسـایی خۆیان گەورەترە دەبنە هێمای سەرنجڕاکێشـبوون، یەکێك لەوانە ئەو پشـیلەیە کە ناوی (ئیسـتف)ە و تەمەنی نزیکـەی (٦) سـاڵانێك دەبـێ و درێژی ئەو پشیلەیە دەگاتە (١٢١) سەنتیمەتر واتە زیاتر لە مەترێك، ئەمەش بەپێی شێوەی سادەی پشیلەوە کە گەورەترین پشـیلە دەردەچێ و دەبێتە یەکێك لە پشیلە زەبەلاحەکان.

## مانای شتەکان لە خەون

ئەسـتێرە: لە خەودا مەزنترین و بەشـەرەفترین کەسە، ئەو کەسـەی لە ماڵی خۆی دا ئەسـتێرەی گەشاوە ببینێ چەند سـەرۆك و پێشەوا لە ماڵی دا کۆدەبنەوە، ئەگەر ئەسـتێرەکان گەشـاوە نەبوون ئەو سـەرۆك و پێشەوایانە بۆ کارەسـات کۆدەبنەوە، کەوتنی ئەستێرە لە ئاسـمانەوە بۆ خـوارەوە مانای ئەوەیـە لەو جێیەدا پێشەوایەك کارەساتێکی بەسـەر دێت، ئەستێرە پیاوی زاناو دەوڵەمەندو بەهێز و دەسـەڵاتدار و شەرەف مەندە، بینینی ئەسـتێرەی زۆر لەماڵەوە مانای منداڵی زۆرە، بینینی حەوت ئەسـتێرە گەشـاوەکان لە ئاسـمان دا مانای پیشـەو بازرگانی و زانست و دەسەڵاتە، بینینی ئەستێرەیەکی گەشاو خێروخۆشییە. نەمانی ئەستێرە لە ئاسـمان دا بۆ دەوڵەمەند زیان و زەرەر و هەژارییە و بۆ هەژاریش مردنە، ئەو کەسەی ئەستێرەی لەسەر سەردا بێت لە هاوڕێکانی باشـتر دەبێت، ئەو کەسەی سواری ئەسـتێرە بێت پلەو پایەی بەرز دەبێت، ئەسـتێرەی ناو ماڵ باش نییە، ئەوەی ئەسـتێرە بخوات پارەی خەڵکی دەخوات، قووت دانی ئەستێرە جنێو دانە بە پیاو چاکان، مژینی ئەستێرە فێربوون و وەرگرتنی زانستە لە زانایان، بڵاوبوونەوەی ئەسـتێرە مردنی پاشـایە یـان ڕوودانی جەنگـە، ژمارەیەکی زۆر ئەسـتێرە بکەوێتە خوارەوە مانای زۆر کەس ئەمرێ یان ئەو کەسـەی خەوەکەی بینیوە کەچەڵ دەبێت، بینینی ئەستێرە بە ڕۆژ ئاشکرا بوونی کردەوەی نهێنی و ڕیسـوا بوونە، ئەستێرەی سەر لە بەیانی زەماوەندە.

**سەرچاوە: خەوننامە!**

## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی ناوی یانەیەکی پلە یەکی کوردسـتانت بۆت بۆ دەربچێ .

ێ ن هـ ر ن د


وەڵامی ژمارەی پێشوو (زاخۆ)

## کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩




ئەوەندە خەم و خەفەت مەخۆ و بەزەییت بەخۆتدا نەیەتەوە، چونکە زۆر کەسـی دیکە هەیـە لەتۆ زۆر زیاتر لەژێر باری سـەختی ژیاندا دەژی، باری سۆزداریت کەمێك ساردی تێدا دەکەوێت.

## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠




ئەگەر ئەو کارەی وا بیری لێدەکەیتەوە کە ئاسـانەو سـەردەکەویت تێیدا، ئەوا بەهەڵەدا چوویـت. واز لەم کارەت بێنە ئەگینا شکست دەهێنیت.

## دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠



پێویسـتە دڵی خۆشەویسـترین کەس لەخۆت نەشکێنی، چونکە ئەو کەسە زۆر هەڵوێستی چاکی هەبووە بەرامبەر بەتۆ، زۆر ئاگاداری تەندروستیت بە.

## قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢



ئەو دنیایـە تەنیا ڕۆژێك و دووان نییە، ڕۆژێـك هـەر دێت ئەو کەسـەی کە هەڵوێستی بەرامبەرت خراپە، پەشیمان بێتەوە، کەمێك دان بەخۆتدا بگرە.

## شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢



ئەمڕۆ لەوانەیە گرفتێك یەخەت بگرێت و تووشی نائومێدی و دڵەڕاوکێت بکات، بۆیە ئاگاداری خۆتبەو هەرگیز هێمنی لەدەست نەدەیت.

## گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢



ئیمڕۆ کێشـەکانت بەرەو نەمان دەچن و کەمێك هێور و لەسـەر خـۆ دەبیتەوە، هەروەها هەوڵ دەدەیـت پێوەندیەکانت بگێڕیتەوە دۆخی پێشوو.

## بۆ زاخـاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (کانی) بوو


بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..



ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتاییدا ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (شتێکی سرووشتییە و بەچاو نابینرێ و بەڵام هەستی پێدەکرێ)
- پیتی خانەکانی (٣+٤+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (بەشێکی گەورەیە لە جەستەی مرۆڤ)
- پیتی خانەکانی (٥+٤+٣) کۆبکەیتەوە بە مانای (ئەو شتەی لە ژێر قاچی ئەسپ و وڵاغ دەخسترێ)
- پیتی خانەکانی (٣+١) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پەروەردگار بە زمانی عەرەبی)




## ئاسۆیی:

١- خەباتکارێکی هیند بوو.
٢- نەخێر(پ)، رادیۆیەکە، کاس.
٣- نازناوی گۆرانیبێژێکی کوردە، بەشێکە لەسەر.
٤- تۆ بە ئینگلیزی(پ)، خۆزگە، ئەندامێکی لەشە(پ).
٥- سایتێکی جیهانیە(پ)، دارێکە، دارێکە.
٦- سەرکردەیەکی کورد بوو، کۆچ(پ).
٧- برای(سیر)ە، دوو پیت لە(مان) ناوی یەکەمی شاعیرێکی کوردە.
٨- جۆرە سەمایەکە، جۆرە پەنیرێکە، رەنگێکە.
٩- ئێمە، پێستە(ت)دارێکە.
١٠- سڵاوێکە، بەنداوێکە(پ)، کچ بە عەرەبی.
١١- خوار، خواردنی ئاژەڵە(پ)، رەش.
١٢- یاریزانێکی شیلیە(پ)، ئامێرێك مۆسیقایە.

## ستوونی:

١- شاعیرێکە، شرینیەکە.
٢- پیاهەڵدانێکە(پ)، دادگایەکی نێودەوڵەتیە(پ)+ پیتێك.
٣- پایتەختێکی ئاسیایە، سێ پیت لە یاشین.
٤- سووتەمەنیەکە، نیوەی (هۆرت).
٥- دیتی(پ)، جۆرە ئۆتۆمبێلێکە.
٦- دوو پیت لە رەو، پێوانەیەکە(پ).
٧- هۆکار، تۆ بە ئینگلیزی، سەرکردەیەکی فارس بوو(پ).
٨- وڵاتێکی ئەفریقایە، رەنگێکە(پ).
٩- باڵندەیەکە، قازانج.
١٠- دارێکە(پ)، هۆش.
١١- ڕاڕایی، وڵاتێکی عەرەبیە.
١٢- ڕێگا(پ)، لە ناو کۆمەڵگا ڕووڕەشە، ناوی یەکەمی یاریزانێکی فەرەنسیە.




## نوکتە

- کوڕێك شوان دەبێ حەز لە کچێك دەکات و لە ڕۆژێکدا قسە دەکەن، کچەکە بە کوڕەکە دەڵێ: تۆ چ ئیش دەکەی؟ ئەویش دەڵێ: پیشانگای مەڕ و بزنم هەیە..

* * *

- کوڕێکی ڕەزیل لەزانکۆ حەزی لە کچێك کردووە، بۆیە دەعوەتی دەکات بۆ کافتریا و کچەکەش قبوڵی دەکات. دوای نان خواردن کوڕەکە داوای عیلاقەی لێدەکات. کچەش ڕازی نابێت. کوڕەکە هیچ خۆی تێکنادات و دەڵێت: دەی کەواتە با هەرکەسەو پارەی خۆی بدات.



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

ئیمڕۆ هەواڵێکی سەیرت پێ دەگات رەنگە کاریگەری هەبێ لەسەر سەرلەبەری ژیانی داهاتووت بەئارام بە لەوەرگرتنی هەواڵەکە.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

لەبواری سۆزدارییەوە رەنگە گۆڕانکاریەك بەکتوپڕی لەبیروڕاکانت رووبدات، بەڵام پێویستە لەسەرت بەژیرییەوە بڕیار بدەیت نەك بە هەڕەمەکی.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

وا پێویست دەکات ئەو کێشەیەی ئێستات بەبێ دەنگی چارەسەر بکەیت، چونکە ناحەزت زۆرەو هەوڵ دەدەن کێشەکەت ئاڵۆزتر بکەن، هەر لەم ماوەیەدا کەمێك ماندوو دەردەکەویت.




**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

باشتر وایە کەس لەخۆت نەڕەنجێنی، چونکە تۆ ئێستا بەکاتێکی زۆر ناسك و دژوار تێدەپەڕیت، هەوڵی زیاتر بدە بۆ گەیشتن بە خۆشەویستەکەت.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

هەر چەندە باری داراییت خراپە، بەڵام زۆر ناخایەنێت دەرگایەکت لەبەردەمدا دەکرێتەوە کە دەبێتە هۆی ئاسوودەیی و ژیانت لا شیرین دەکات.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

هیچ کاتێك بیر لەوە نەکەیتەوە کەئەگەر دان بە هەڵەکانت بنێی ئەوا لە ڕێز و حورمەتت کەم دەبێتەوە، بەڵکو دەبێتە هۆی ڕاست بوونەوەت و خۆشی و شادی دڵت داگیر دەکات.

## وێنەی جیاواز و خاڵی هاوبەش

بۆ زانینی ئاستی زیرەکی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا چەند خاڵێکی هاوبەش لە نێوان خاڵە جیاوازییەکاندا بدۆزەرەوە

